گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/876kj097
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 10/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ئاڕاستەکانی گەشەی شارنشینی لە شاری کەلار(1977_2024)

سردەشت محمد حسین[1] طلعت محمد طاهر عمرالبوتانی[2] بێستون احمد حسین[3]
. talaat@uor.edu.krd bestoon78@uor.edu.krd sardasht.muhammad@gmail.com

[1+2+3] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گەشەی دانیشتوانی شارەکان بەتایبەت بە یەکێك لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی چوارچێوەی جوگرافیای شار دادەنرێت، چونکە ڕاستەوخۆ گەشەی دانیشتوان لەسەر پلاندانان و ئاوەدانی شارەکان کاریگەریی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا وێنەی بوارێکی گرنگ لە کۆڵەکەکانی پەرەپێدان دەنوێنێت، هەربۆیە لە زۆربەی شارەکانی هەرێم گرنگی بە گۆڕانکارییەکان و گەشەی دانیشتوان دەدرێت، مەبەست لەم کارە پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانییە بەشێوەیەکی زانستی. دەتوانین بڵێین زۆریی ژمارەی دانیشتوان بوە بە هۆکارێك بۆ دروستبونی زۆربەی ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ لە شارەکاندا سەرهەڵدەدەن. ئەوەش لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکاری وەك زیادبونی سروشتی و کۆچدایە، بەتایبەت کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا نەبونی پلانێکی پێشوەختە بۆ ڕێگریکردن و ڕێکخستنی ئەو گەشە خێرایەی کە لە شارەکاندا ڕودەدات، لە هەمان کاتدا ئەم گەشەکردنە بوەتەهۆی کەوتنەوەی چەند دەرئەنجامێك، کە یەکێك لەوانە فراوانبونی شارەکانە بەشێوەیەکی خێرا، کە ئەو فراوانبونەش بەزۆری لەسەر حسابی زەوییە کشتوکاڵیەکان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکان ڕودەدات.

ئەم توێژینەوەیە باس لە ئاڕاستەکانی گەشەی شارنشینی لە نێوان ساڵانی (1977 _ 2024) لە شاری کەلار دەکات. بۆ ئەم مەبەستە پشتی بەستوە بە ئەنجامی ئەو داتا و زانیاریانەی لە سەرژمێرییە فەرمییەکانەوە بەدەستهاتون. توێژینەوەکە لە دو بەشی سەرەکی و چەند باسێك پێکهاتوە، کە تیایدا گەشە و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ڕێڕەوی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ڕێگەی ئەو سەرژمێرییە فەرمیانەوە باس کراوە، هەروەها دیاریکردنی خێرایی زیادبونی دانیشتوان و پەیوەندیی ئەم گۆڕانکاریيانە بە ڕوداوە مێژووییەکانی ناوچەکەوە خراوەتە ڕو.

**کلیلە وشەکان:** گەشەی شارنشینی، سەرژمێری دانیشتوان، شاری کەلار، پلاندانانی، زیادبونی سروشتی و کۆچ.

# Directions of Urban Development in the City of Kalar (1977-2024)

**Sardasht Mohammed Hussein[1] Talat Mohammed Tahir Umar-Albotani [2] - Bestun Ahmed Hussein[3]**
[1+2+3] Department of Geography, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region,Iraq.

## Abstract

Nowadays, urban population growth is considered one of the most significant and touchy issues of city geography, because population growth directly affects planning and development of the cities. Moreover, it shows an important area of the pillars of development. Therefore, in most cities in the Kurdistan region, the changes and population growth are taken into consideration. The purpose of this paper is to illustrate economic, social, and prosperity scientifically. We can claim that the large amount of population has caused most of the issues that affect cities nowadays. A number of factors have influenced this dilemma, such as natural increase of population and migration, especially the migration of people from rural areas to the cities. The lack of an advanced plan to prevent migration and regulate the rapid growth that occurs in cities is to be mentioning. At the same time, this growth led to some conclusions; the rapid expansion of the cities can be considered the key factor. This expansion mostly is at the expense of agricultural and suburban lands.

This paper deals with the directions of urban development between the years 1970 - 2024 in Kalar. For this purpose, the research depended on the results of data and information obtained from official censuses. The research consists of two main parts and several discussions, in which the growth, the demographic changes, and the growth of population growth of Kalar, depending on the official census, are discussed. The rapid increase in population growth and the relations of these changes with the historical events of the region are illustrated.

**Keywords**: Urban Development, Population Census, Kalar City, Masterplan of the City, Natural Growth and Migration.

## پێشەکی:

شارنشینی و گەشەسەندنی شارنشینی یەکێکە لە گرنگترین دیاریدە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی سەدەی بیست و یەکەم، کە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ڕێکخراوی ژینگە و کۆمەڵگا هەیە، هەر وەك دەزانین لێکۆڵینەوە لە شار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیشکەوتن و فراوانبونی زیاتری بەخۆوە بینیوە، هەر بۆیە دەرکەوتنی پسپۆڕی لە بابەتە هەمەچەشنەکان و زۆربونی میتۆدی تووێژینەوەکان بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جوگرافیای شار، بە بەراورد بە لقەکانی تری جوگرافیا، لە گۆڕانکاریی بەردەوام و خێرادایە.

وەك دەزانین شاری کەلار، وەک یەکێک لە شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، لە چەند دەیەی ڕابردودا شاهیدی گەشە و گۆڕانکارییەکی خێرا بوە لە ڕوی دانیشتوان و ڕێکخراوی شارەوانییەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاراستەی گەشەی شارنشینیی شاری کەلار بخاتە ڕو، دەتوانین بڵێین بایەخ و گرنگی خۆی لەو ڕووەوە هەیە، چونکە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا شێوازی گەشەکردنی شارەکە و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریی گەورەیان هەبوە لەسەر ئەو گەشەکردنە خراونەتەڕو.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بوارێکی گرنگ و پڕبایەخ و کاریگەر لە بواری جوگرافیای شار تاوتوێ دەکات، کە بەهۆیەوە ئەو گیروگرفت و کەموکورتییانە دەستنیشان دەکرێن کە لە شاردا ڕودەدەن، ئەویش گەشەکردنی شارە بە شێوەیەکی ناسروشتی، هەروەها جیاوازیی ئەو گەشەکردنە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەوەش بە گوێرەی ئەو داتایانەی لە سەرژمێرییەکانەوە خراونەتە ڕو، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی ئەم گەشەکردنە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە، خستنە ڕوی کاریگەری هۆکاری سیاسییە لەسەر گەشەی شارنشینی لە شاری کەلار، دیارە ئەوەش بە ئامانجی دەستنیشانکردن و دانانی سنورێك لە بەردەم زیادبونی کاریگەری ئەو هۆکارە لەسەر گەشەی شارنشینی شارەکەو، هەروەها خستنەڕوی پلان و نەخشیەك بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیکی گونجاو چارەسەری ئەو گرفتانە بکەین کە لە دەرئەنجامی گەشەی شارنشینییەوە بەرۆکی ناوچەی لێکۆڵینەوەی گرتوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەکرێت ڕوانگەیەك بێت بۆ بەرپرسانی شار بۆ ئەوەی لە پێناو ڕێکخستنەوەی شار و گەشەی شارنشینی ئێستاکە و داهاتو پلانێکی گونجاو دابڕێژن، هەروەها هاوسەنگی لە ئاڕاستەکانی گەشەی شارنشینی شارەکە بهێننە دی.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

1. ئایە ئاراستەی گەشەی شارنشینی لە شاری کەلار بەچی ئاراستەیەکدایە و چی هۆکارێك بوە هۆی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر گەشەی شارنشینی شارەکە هەبێت؟
2. ئایە  هیچ پلانێکی تۆکمە و ڕێکخرا و بونی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێگری لەو گرفتانە بکرێت کە لە داهاتودا ڕوبەڕوی شارەکە دەبێتەوە؟

گریمانەی توێژینەوەکە:

1. هۆکارە سیاسییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوە لەسەر ئاراستەکانی گەشەی شارنشینی شاری کەلار، بە تایبەتی کۆچ، بوە بە هۆکارێك کە شارەکە بە چەندین قۆناغی گەشەکردنی جیاوازدا تێپەڕ ببێت.
2. بەرپرسانی شاری کەلار، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆئەوەی لە ڕێگەی دانانی  پلانێکی تۆکمە و دور مەوداوە چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن کە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتودا شارەکە ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

دیارە هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت کە میتۆدێك یاخود زیاتر لە میتۆدێکی زانستیی ڕون و ئاشکرای تێدا بەکاربهێنرێت. ئەوەش بۆ ئەوەی سودی زیاتر بە توێژنەوەکە بگەیەنێت، ئاشکرایە لەم توێژینەوەدا هەریەك لە میتۆدی (مێژویی، شیکاری و بەراوردکاری) بۆ شیکردنەوەی توێژینەوەکە بەکار هاتوە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستن و ڕونکردنەوەی گەشەی شارنشینیی شاری کەلار پشت بە سەرژمێرییە گشتییەکانی دانیشتوان بەستراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەدەستهێنانی نەخشەکانی شاری کەلار پشت بەستراوە بە کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بەڕێوەبەراتی شارەوانی کەلار، بەشی زەوی و زار. لە هەمانکاتدا هەوڵدان و بەدواداچونی توێژەر بەئامانجی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسانی شارەزا و

بە ئەزمون. هەروەها چەند هاوکێشەیەکی زانستی و پرۆگرامی کۆمپیوتەری بەکار هێنراوە بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پلانەکە دابەش کراوە بۆ دو بەش و چەند باسێك:

بەشی یەکەم: گەشەی شارنشینیی شاری کەلار، کە ئەمەش بۆ دو باس تەرخان کراوە ئەوانیش:


بەشی یەکەم: ڕەهەندی مێژویی و کارگێڕیی شاری کەلار و قۆناغەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی شاری کەلار

بەشی دوەم: زیادبونی سروشتی و کۆچ لە شاری کەلار، کە لەم بەشەشدا باس لە هەریەکە لە:

(یەکەم، لەدایکبون؛ دوەم، مردن؛ سێیەم، کۆچ) کراوە.

**ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

شـاری کەلار لەڕوی جوگرافییەوە کەوتوەتە ناوچەیەکی نیمچەشـاخاوییەوە لە هەرێمی کوردسـتاندا، لە ناوچەی بان و گردەکانی کەرکوکدایە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. کەلار شارێکی باشـوری هەرێمی کوردسـتانە و ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە و بە دوری (144)کم دەکەوێتە باشـوری شـاری سـلێمانی یەوە، لە ڕوی ئەسـترۆنۆمییەوە، دەکەوێتە نێوان دوبازنەی پانی (٥٠= ٣2– 34° - ٠٨= ١٠ – 35°)ی باکور، نێوان دوهێڵی درێژی (٠٥= ٠١ – 45° - ١٠= ٣٦ – 45°)ی ڕۆژهەڵات و لەسـەر ڕوبەرێکی تەخت بونیات نراوە، کە بەرزییەکەی لەنێوان (200 _255) مەتردایە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (1).




سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بەپشت بەستن بە:

1) هاشــم یاســین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردســتانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنوس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.
2) ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، 2018.
3) شارەوانیی کەلار، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

## ئاڕاستەی گەشەی شارنشینیی شاری کەلار

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گەشەی دانیشتوانی شارەکان بەتایبەت بە یەکێك لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی چوارچێوەی جوگرافیای شار دادەنرێت، چونکە ڕاستەوخۆ گەشەی دانیشتوان لەسەر پلاندانان و ئاوەدانیی شارەکان کاریگەریی هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا وێنەی بوارێکی گرنگ لە کۆڵەکەکانی پەرەپێدان دەنوێنێت. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین باسکردنی گەشەی شارنشینی شارەکە دابەشبکەین بەسەر چەند باسێکدا ئەوانیش:

**باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی شارنشینیی شاری کەلار**

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی پێویستە لە لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێکی دانیشتواندا قسەی لە بارەوە بکرێت پرسی گەشەی دانیشتوانە، چونکە لێکۆڵینەوە لە دانیشتوانی هەر ناوچەیەك تێڕوانینێکی گرنگە و ئاماژەیە بۆ ئاستی گوزەرانی قەوارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا. ئەمڕۆ سەرژمێری بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زانینی زیادبونی گۆڕانی دانیشتوان لەنێوان دو ئامار‌دا (تالیب، 2011، 38). شارەکانی جیهان لە قۆناغەکانی مێژوی مرۆڤایەتیدا گۆڕانی گەورەیان لە بارەی دانیشتوانەوە بە خۆوە بینیوە، بەڵام ئاراستەکان بەشێوەیەکی گشتی لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام ڕو لە زیادبونن. ئەم زیادبونەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لە کاتێکدا تێکڕای گەشەی شارنشین لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا نزمە یان وەستاوە، کەچی لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا ڕو لە زیادبونە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دوەمەوە (الحدیثی، 289). وەك دەزانین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سروشتێکی داینەمیکیی هەیە، هەمیشە لە جموجوڵی بەردەوامدایە، جموجوڵێك کە لە ڕێگەی ئەندامەکانی کۆمەڵەوە ڕودەدات، لە هەمو چرکەیەکدا حاڵەتی مردن و لەدایکبون ڕودەدات.

بۆ زانینی زیادبونی گشتیی دانیشتوان، پێویستە ڕەچاوی دو جموجۆڵی سەرەکیی دانیشتوان بکرێت، کە یەکەمیان گەشەکردنی سروشتییە، واتا جیاوازیی نێوان لەدایکبون و مردن؛ دوەمیان جموجۆڵی شوێنیە (واتا کۆچ)، واتا زیادبونی گشتیی دانیشتوان بریتییە لە زیادبونی ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لە کاتی ئاساییدا ڕێژەکە پۆزەتیڤانەیە، واتا ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات. لەوانەیە بە بونی شەڕ، کۆچ و کارەساتی سروشتی، یان بە پەیڕەوکردنی سنوردارکردنی زاوزێ، ڕێژەکە نێگەتیڤانە بێت، واتا ژمارەی دانیشتوان کەم بکات. (محەمەد عەلی، 2010، 67)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە پێی ئەم هاوکێشەیە دەردەهێنرێت=

$$R = \sqrt[T]{\frac{P1}{P0}} - 1 * 100$$

R= ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

T= ژمارەی ساڵانی نێوان دو سەرژمێری.

P1= ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێریدا.

P0= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری پێشتردا. (ئەمین،2024، 132)

ئەگەر سەرنجێك لە شاری کەلار بدەین، دەبینین ئەم شارەش هاوشێوەی شارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، تەنانەت جیهانیش، بە چەندین قۆناغی گەشەکردندا تێپەڕیوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی دانیشتوانەکەی هەبوە. بۆیە لێرەدا دەتوانین قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین. ئەوەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەو قۆناغانەی سەرژمێری کە لە ناوچەکەدا ئەنجام دراون، بەڵام پێش دیاریکردنی قۆناغەکان و شیکردنەوەیان گرنگە خوێندنەوەیەکی مێژویی بۆ شاری کەلار بکەین و پاشان قۆناغەکانی گەشەی شارنشینیی شاری کەلار بخەینە ڕو.

**ڕەهەندی مێژویی و کارگێڕیی شاری کەلار:**

بێگومان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر شارێك پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوی دروستبونی ئەو شارە. بە لیکۆڵینەوە لە ڕابردوی ئەو شارە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێگەی شارەکە هۆکار بوە بۆ دروستبون و گەشەکردنی. وەك دەزانین شاری کەلار پێش ئەوەی ببێت بە قەزا خۆی گوندێکی بچوك بوە، تاوەکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەك ساڵی دروستبون و دامەزراندنی ئەم گوندەی ڕون نەکردۆتەوە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە گوندی کەلار لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە لایەن بنەماڵەیەکی عەشیرەتی گێژەوە ئاوەدان کراوەتەوە. گرنگییەکەی لە ساڵەکانی (1870) بە دواوە دەست پێدەکات. پاش ئەوەی بەگزادەکانی تێدا نیشتەجێ بون، ئەم بنەماڵەیە دەسەڵات و هەژمونێکی فراوانیان هەبو، لە سەرجەم ناوچەکانی گەرمیان و شارەزوردا حوکمی عەشایەریی جافیان دەکرد (عبدالرحمن، 2017، 41).

بورهان محەمەد فەرەج یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی کەلار دەڵێت: دوای ئەوەی بەگزادەکانی جاف هاتونەتە کەلار و کاریگەری و شوێنپەنجەی ئەوان بە حوکمی پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیان بە کەلارەوە دیارە. بەتایبەت دوای ئەوەی لە ساڵی (1925) یەکێك لە ئەندامانی خێزانی بنەماڵەی جاف بە ناوی (حەمە بەگی کوڕی فەتاح بەگی حەمەپاشای جافە)، دواتریش (داود بەگی جاف) دەبنە ئەندام پەرلەمانی عێراق. ئەمانەش کاریگەریان هەبوە لەسەر پێگەی کەلار و ئاوەدانبونەوەی کەلار و ئەو خزمەتگوزارییە گرنگانەی لەم ناوچەدا ئەنجام دراون، ئەمەش تاوەکو ساڵی (1958)، کاریگەریی هەبوە. دوای ئەوەش (جەلالییەکان) کەلاریان کردۆتە ناوەندی سەرەکیی خۆیان و مەکتەبی سیاسیان لە کەلاردا هەبوە، دیارە ئەمانە کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی ناوچەکە و ئاوەدانکردنەوەی هەبوە. هەمو ئەمانە کاریگەریان هەبوە تاوەکو ساڵی(1970)، ئیدی وەك پایتەختی حەوزی گەرمیانی لێهاتوە. وە کاتێك لە ساڵی 1970 کەلار کرا بە قەزا، بە حوکمی ئەوە بو کە کەلار پێگەیەکی سیاسیی هەبوە، هەروەها ئامانجێکی سیاسیشی لە پشتەوە بوە. یەکێك لە ئامانجە سیاسییەکانیش ئەوە بو کە کەلار دابڕێن لە کەرکوك، کە دیارە بە ئامانجی گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوك حکومەت کەلاری کرد بە قەزا. دواتر خەڵکی ناوچەکانی (ئەوبەری سیروان و بنەی جاف و ئاوەسپی)یان ڕاگواست بۆ کەلار. دوای ئەوەش هەبونی هەلی کار و پاشان پرۆسەی ئەنفال و دواتریش ڕاپەڕینی گەلی کورد کاریگەریان هەبو بۆ ئەوەی کەلار ببێتە شوێنێکی کاریگەری سیاسی (فەرەج، 2024).


لێرەوە دەکرێت بڵێن کەلار جیاواز لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەری، بەهۆی ڕۆڵی ئەو خەڵکانەی کە لە کەلاردا نیشتەجێ بون، ڕەنگێکی سیاسیی جیاوازی وەرگرتوە و هەر ئەمەش وای کردوە لەگەڵ ئەوەی کە چەندین گوندی دیکە لەنزیك گوندی کەلاردا بونیان هەبوە، کەچی کەلار لە گوندەوە دەکرێت بە شار. کەواتە تاکو پێش ساڵی (1970) کەلار لە سێ گوند پێك دەهات، ئەوانیش گوندەکانی (کەلار کۆن، بنگرد، عەلەومحە) بون، بڕوانە نەخشەی ژمارە (2).

دوای ئەوەی لە بەرواری (28_2_1970) بە مەرسومی کۆماریی ژمارە (137) کەلار لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە کرا بە ناوەندی قەزا، ئەو دەمە ژمارەی دانیشتوانەکەی (2324) کەس بوە، ئیدی دوای ئەوە ژمارەی دانیشتوانەکەی تا دەهات زیادی دەکرد، بە جۆرێك لە ساڵی 1977دا ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار بو بە (23113) کەس، واتە لە ماوەی حەوت ساڵدا (20789) کەس زیادی کردوە، کە بۆ هەرساڵێك دەکاتە (2969) کەس، کە دیارە دو هۆکاری سەرەکی بون بەهۆی بەرزبونەوەی خێرای ژمارەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا ئەوانیش؛

1.هۆکاری ئیداری: کە دوای ئەوەی دەبێت بە ناوەندی قەزا، وردە وردە دامودەزگای دەوڵەتیی تێدا کرایەوە و ڕێژەیەکی بەرچاویش لە فەرمانبەرانی بۆ دامەزرا. ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خاوەن بڕوانامە و شارەزا لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕو بکەنە شاری کەلار و تێیدا بمێننەوە و خزمەت بکەن (شاکەلی، 2016، 57).

2. هۆکاری سیاسی: بەزۆر کۆچپێکردنی دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی قۆرەتو لە ساڵی 1975، کە ژمارەیان (70) گوند بو، هەروەها دانیشتوانی گوندەکانی مەیدان و بەمۆ کە ژمارەیان (57) گوند بو. زۆربەی هەرە زۆریان ڕویان کردە ناوەندی قەزای کەلار و لەوێ نیشتەجێ بون. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان ساڵدا دانیشتوانی (10) گوندی سنوری ناوچەی (شێخ باوە)ی سەربە ناحیەی جەلەولا بەزۆر بارکران و بەرەو پارێزگای ئەنبار (ڕومادی) ڕاپێچ کران، بەڵام دەیەها لەو خێزانانە بە دزییەوە خۆیان گەیاندە ناوەندی قەزای کەلار و لەوێدا نیشتەجێبون ( عەبدولکەریم، 2024، 157)

کەلار لەسەردەمی گونددا، پێش ساڵی (1970)




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1) و بەپشتبەستن بە: بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

**قۆناغەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی شاری کەلار**

سەبارەت بە قەبارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی کەلار، بە درێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (1977_2024) گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەرداهاتوە، هەڵبەز و دابەزێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بۆیە بە مەبەستی زانینی ئەو گۆڕانکارییانە و هەروەها بەراوردکردنی بە قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی، بە پێویستی دەزانین قۆناغەکان دابەش بکەین بۆ پێنج قۆناغی سەرەکی، بەڵام پێش ئەوەی یەك بە یەك باس لە قۆناغەکان بکەین،

پێویستە سەرنج بخەینە سەر ئاراستەكانی زیادبونی قەبارەی دانیشتوانی شاری کەلار. بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (2) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار لەكۆی قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی لەو ماوەیەدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە، بە شێوەیەك لە ساڵی 1977 دانیشتوانی شاری کەلار ڕێژەی زیاتر لە (56%)ی قەزا و لە (4%)ی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، بەڵام بە سەرنجدان لە ساڵی 1987 دەبینین ڕێژەی شار لەكۆی قەزا بەگشتی زیاتر لە (90%) بوە و لە بەرامبەر پارێزگای سلێمانی (4%) بوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی شار بەرامبەر بە هەر یەك لە قەزا و پارێزگای سلێمانی گۆڕانێكی گەورە و بەرچاوی بەسەردا هاتوە، هەروەها بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵی 1997 دانیشتوانی شاری کەلار بەرامبەر بە ڕێژەی هەر یەك لە دانیشتوانی قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی دابەزینی بە خۆوە بینیوە، بە جۆرێك گەیشتۆتە (74%)ی قەزا و (7%)ی پارێزگای سلێمانی. سەبارەت بە ساڵی 2002 ڕێژەكە بەراورد بە ساڵی 1997 تاڕادەیەك لەیەكەوە نزیکە و بە جۆرێك ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار بەرامبەر بە هەریەكە لە قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە زیاترلە (70%)ی قەزا و لە (8%)ی پارێزگای سلێمانی، بڕوانە خشتەی ژمارە(2).

**خشتەی ژمارە(1) ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار و قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی (2024_1977)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار | ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|
| 1977 | 24824 | 44057 | 690557 |
| 1987 | 82004 | 89113 | 951723 |
| 1997 | 89170 | 120437 | 1362739 |
| 2002 | 102163 | 141086 | 1249824 |
| 2010 | 127359 | 169618 | 1837635 |
| 2024 | 173345 | 230861 | 2501124 |

سەرچاوەکان:1..سەرچاوەی دانیشتوانی کەلار، قەزای کەلار، پارێزگای سلێمانی، 1977، 1987، 1997، سەرژمێری گشتیی عێراق. بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی

3. سەرچاوەی دانیشتوانی کەلار، قەزای کەلار، پارێزگای سلێمانی، 2002 _ 2010 گەماروسازی عێراق 3. بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی

**خشتەی ژمارە(2) ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار لە کۆی قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی (2024_1977)%**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار | ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار لەكۆی قەزای کەلار% | ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار لە کۆی پارێزگای سلێمانی% |
|---|---|---|---|
| 1977 | 24824 | 56 | 4 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 9 | 92 | 82004 | 1987 |
| 7 | 74 | 89170 | 1997 |
| 8 | 73 | 102613 | 2002 |
| 7 | 75 | 127359 | 2010 |
| 7 | 75 | 173345 | 2024 |

سەرچاوەکان:

بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (1)

**قۆناغەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی شاری کەلار**


لێرەوە تیشك دەخەینەسەر ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار و هەوڵدەدەین ئەو هۆکارانەش بخەینەڕو کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری ژمارەی دانیشتوانی شارەکە هەبوە، بۆ ئەم مەبەستەش گەشەی دانیشتوانی شاری کەلارمان بۆ پینج قۆناغ دابەش کردوە.

**قۆناغی یەکەم (1977_ 1987)**

ئەم قۆناغە زۆر هەستیارە لە مێژوی گەلەکەماندا، چەندین کارەساتی مەرگهێن و ڕاگواستن و کیمیاباران و سوتماکی گوندەکانی کوردستان لەو سیاقە مێژویەدان. ناوچەی گەرمیان پشکی شێری بەر کەوتوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا و پێشوتر و دواتریش ڕاگواستن بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەردەوام بوە، بە تایبەت لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەری کەلار. ئەمەیش وای کرد ژمارەیەك لەو خێزانانە ڕو لە کەلار بکەن، بە تایبەت پاش دروستکردنی کۆمەڵگە لە ناوشارەکەدا. هەر ئەمەش بوە هۆکاری ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لەو خێزانانە بۆ ناو شارەکە (حەمید، 2019، 214). ئەگەر سەرنج لە ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار بدەین بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (1977) ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (24824) کەسە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ئاماری ساڵی (1987)دا بەرز دەبێتەوە بۆ (82004) کەس، واتە سێ هێندەی ژمارەی ساڵی 1977 زیادی کردوە. کەواتە ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان (1977_1987) گەیشتۆتە زیاتر لە (23%). بڕوانە خشتەی ژمارە (3)، وا دیارە ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی نییە و ئاشکرایە هۆکاری ئەو زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ:

1. نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1975.
2. گەڕانەوەی ڕاگوێزراوان بۆ هەر یەك لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك ساڵی 1977.
3. بارودۆخی نائاسایی لادێکانی قەزای کەلار و دەوروبەری لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا.
4. دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال ساڵی 1988 (سەعید، 2024).
5. بەقەزابونی کەلار لە 1970/2/28 و دامەزراندنی دامودەزگا کارگێڕییەکانی قەزاکە لەو ساڵانەدا (محەمەدعەلی، 2010، 69).
6. ئەو ڕێگا سەرەکییەی کە لە بەغداوە دەهات بۆ بە عقوبە، لەوێشەوە بە ناوچەکانی گەرمیاندا تێدەپەڕی، ڕۆڵی بەرچاوی هەبو لەم ناوچەدا.
7. هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی کە دەکەوێتە نێوان دوشاری کۆنی وەك (کفری و خانەقین)، ئەمەش دەورێکی گەورەی هەبو لە گەشەکردنی شاردا (شاکەلی، 2012، 118).

نەخشەی ژمارە (3) کەلار لە یەکەم قۆناغی گەشەسەندن (1977-1987)




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

## قۆناغی دوەم (1988_1997)


ئەم قۆناغە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوتر و بگرە دواتریشدا، چونکە لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، واتا لە ساڵی 1988تاوەکو دەستپێکردنی ڕاپەڕین، ئەو ساڵانەن کە پرۆسەی ئەنفال لە کوردستان بەگشتی و قۆناغی سێی ئەنفال لە گەرمیان بەتایبەت ڕویدا. تەواوی دانیشتوانی گوندەکان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان کران. یەکێك لەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەش ئۆردوگای سمود (ڕزگاری) بو کە دانیشتوانی گوندەکان ڕویان لێ کرد و بەشێك لەوانە ڕویان کردە شاری کەلار. ئاسەواری ئەم قۆناغە تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی 1991 گەلی کورد هەر بەردەوامیی هەبو. دواتر ئەمە پێچەوانە بویەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ماوەیەك پاش ڕاپەڕین، خەڵك و ئیدارەی کوردی بایەخیان بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و یارمەتیی دانیشتوانەکەی دەدا. هەر ئەمە بوە هۆی ڕودانی کۆچی پێچەوانە، واتا کۆچی دانیشتوان لە شارەوە بۆ گوند (شاکەلی، 2006، 33). ڕودانی کۆچی پێچەوانە بوە هۆی دابەزینی ڕێژەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەلار بۆ (0،87%)، ئەمەش ڕێژەیەکی ئاساییە لە گەشەکردنی دانیشتوان، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین، لەم قۆناغەدا کەلار بە شێوەیەکی ئاسایی گەشەی کردوە. لەم قۆناغەدا تەنها گەڕەکی سەرکەوتن زیادی کرد، بڕوانە نەخشەی ژمارە (4).

خشتەی ژمارە(3)**ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار و قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی% (1977_2024)**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار% | ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار% | ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی% |
|---|---|---|---|
| 1987_1977 | 23،03 | 10،23 | 3،78 |
| 1997_1988 | 0،87 | 3،52 | 4،32 |
| 2002_1998 | 3،02 | 3،43 | 1،66 |
| 2010_2003 | 3،01 | 2،53 | 5،88 |
| 2024_2011 | 2،58 | 2،58 | 2،58 |

بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە یەك

نەخشەی (4)کەلار لە دوەم قۆناغی گەشەسەندندا (1987-1997)




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەراتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

## قۆناغی سێیەم ( 1998_ 2002)

لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوان لە (89170) کەسەوە گەیشتۆتە (102613) کەس، واتە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا دەگاتە (3،02%) هۆکاری ئەم زۆربونەش دەگەڕێتەوە بۆ:


* دابەشکردنی زەوی، بەتایبەت لە پاش ساڵی 1999 بەسەر فەرمانبەران و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراواندا. دواتر ئەمە بوە هۆی دروستبونی ژمارەیەك گەرەکی نوێ لەوانە (شەهیدان، مامۆستایان، ئەندازیاران، جوتیاران) هتد ....

* گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش کە تاڕادەیەك سەقامگیریی سیاسی هەلێکی گەورەی بۆ دانیشتوان ڕەخساند، ئەمە بەراورد بە ساڵانی پێش 1997 کە هەرێمی کوردستان دوچاری شەڕێکی ناوخۆی نەخوازراو ببو.

*کۆچکردنی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ شاری کەلار، چونکە شارەکە مەڵبەندی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و بازرگانی و پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری بو (امین، 2025، 26).

بەگشتی لەم قۆناغەدا لە شاری کەلار هەریەکە لە گەڕەکەکانی (شەهیدان، خەبات، مامۆستایان، ئەندازیاران، شارەوانی یەك و دو، ڕزگاری) دروست کران، بڕوانە نەخشەی ژمارە (4).

نەخشەی ژمارە (4) کەلار لە سێیەم قۆناغی گەشەسەندندا (1997-2002)



سەرچاوە:کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەراتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

### قۆناغی چوارەم (2010_2003)

لەم قۆناغەدا بەگوێرەی ئەو داتایانەی خراونەتە ڕو، ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ساڵی ( 2003)دا بریتییە لە (102613) کەس، بەڵام ئەم ژمارەیە هەر لە ساڵی (2010)دا بەرز دەبێتەوە بۆ (127359) کەس، کەواتە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵی ( 2003_2010) دەگاتە (3،01%)، کە دیارە ئەم ڕێژەیەش زیاترە لە ڕێژەی ئاسایی، کە ئەوەش کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی هەیە لەوانە:

*ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە لە ( 3/نیسانی/2003)، ( سەعید، 2024)؛


*دامەزراندنی کۆلێژی پەروەردەی کەلار ساڵی (2004) و دواتر کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی؛

* دامەزراندنی ئیدارە گەرمیان لە ( 25ی شوباتی 2007) بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (2459/1/2)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (2) ( ئەحمەد، 2016، 29)؛

* دابەشکردنی زەوی لە سنوری شارەوانی کەلار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؛

لەم قۆناغەدا هەریەکە لە گەڕەکەکانی (جوتیاران، ئەنفالەکان، بەردەسور (نەورۆز)، گۆران، ئاوارەکان، گەرمیان) بونیاد نران، بڕوانە نەخشەی ژمارە (5).

نەخشەی ژمارە (5) کەلار لە چوارەم قۆناغی گەشەسەندندا (2002-2010)




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەراتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

## قۆناغی پێنجەم (2011_2024)

لە ساڵی 2011 ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (127359) کەس، بەڵام ئەم ژمارەیە بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی 2024 کە دواهەمین سەرژمێرییە، بەرزدەبێتەوە بۆ (173345) کەس. دیارە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا بۆ هەر ساڵێك (12381)کەس زیادی کردوە. واتە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەنێوان ساڵی (2010_2024) گەیشتۆتە (2،58%) ئەمەش ڕێژەیەکی ئاساییە لە گەشەکردنی دانیشتواندا. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك پرۆژەی نیشتەجێبون بونیاد نراون، دیارترینیان بریتییە لە (بەهەشتی مامۆستایان، بانەستی، لانەستی، سەگرمە)، بڕوانە نەخشەی ژمارە (6). جگە لەوانەش کۆمەڵێك پرۆژەی زۆری نیشتەجێبون لەب واری جێبەجێکردندان.

نەخشەی ژمارە (7) کەلار لە پێنجەم قۆناغی گەشەسەندندا (2010-2024)




سەرچاوە:کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی کەلار، بەشی زەوی و زار، بەرواری 2025/1/22

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970_2024) لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بەرزبونەوە و نزم بونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە ئاراستەی گەشەکردن و زیادبونی ژمارەی دانیشتواندا هەنگاوی ناوە. بە جۆرێك کە بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان (1977_1987) بوە، کە ڕێژەی (23،03%) بوە. نزمترین ڕێژەی

گەشەکردنی دانیشتوانیش لە ماوەی نێوان (1987_1997) بوە، کە ڕێژەکە (87،0%) بوە. بێگومان گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار، هەروەها بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ئەم گەشەکردنە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، دەرئەنجامی هۆکارەکانی زیادبونی سروشتی و ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی دەوروبەری شاری کەلار بوە.

**باسی دوەم: زیادبونی سروشتی و کۆچ لە شاری کەلار**

**یەکەم: زیادبونی سروشتی**

**دوەم: کۆچ**

**زیادبونی سروشتی (لەدایکبون و مردن)**

زیادبونی سروشتیی دانیشتوان، لە جیاوازیی نێوان ژمارەکانی لەدایکبون و مردندا دەردەکەوێت. واتا لە کۆی هەزار کەس ساڵانە چەند کەس لە دایك دەبێت و چەندیان لێ دەمرێت. ئەگەرچی لەدایکبون و مردن، بە دو دەرکەوتەی جیاوازی بایلۆژی دادەنرێت، بەڵام وادیارە فاکتەرەکانی باری ئابوری (پێشکەوتن یا دواکەوتنی پیشەسازی و جۆری کشتوکاڵ) و کۆمەڵایەتی (بڵاوبونەوەی خوێندەواری، ڕێژەی نەخوێندەوار، شوێنی ژیان، واتە شارنشین یا گوندنشین) لە هەر ناوچەیەکدا کاریگەریی گەورەی لە ڕێژەی زیادبون یا کەمبونی ژمارەی دانیشتوان هەیە، پاشان زیادکردنی سروشتی دێت.

هەمو توێژینەوەیەکی پەیوەست بە لەدایکبون و مردن، لەسەر ئاستی ناوچەکان و دەوڵەت، پێویستی بە ئاماری زیندو هەیە، بەڵام ئەم چەشنە ئامارانە، لە شارە گەورەکان نەبێت، ئەویش نەك لە هەمو شارەکاندا، لە گشت کوردستاندا دەست ناکەون، ئەویش بەهۆی:

1.بەشێك لە هاوڵاتیان ئامادەنین منداڵەکانیان تۆمار بکەن، بەهۆی ئەوەی کە یاسایەکی توند نییە ناچاریان بکات.

2.دانیشتوانی گوندەکان بە تایبەتی، هەست بە گرنگی بابەتی تۆمارکردن ناکەن و هەربۆیە بەشێکیان کەمتر گرنگی بە تۆمارکردنی لەدایك بوونیان دەدەن.

3.مردنی منداڵان بەتایبەت لە سەرەتای لە دایکبونیانەوە وادەکات لە هەندێك شوێن تۆمارنەکرێن.(محمود، 2013، 19)

4.ئەو دایکانەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کارناکەن و ژنی ماڵەوەن، لەکاتی سکپڕبون و منداڵبونیاندا، پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن نییە.

5.لە کوردستاندا، دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی تەندروستی نییە، تا لە ڕوی بایۆلۆژییەوە، لە هۆکانی تەمەنکورتی و تەمەندرێژی و مردن بکۆڵنەوە و هەندێ کەسیش پێویستی بەو جۆرە دەزگا زانستییانە نییە (غەفور، 2005، 159).کە ڕەنگە لە ئێستا بە هۆی پیشکەوتنی کۆمەڵگا و هۆشیاربونەوەی خێزانانەکانەوە تاڕادەیەك کاریگەری ئەم هۆکارانە کەمتر بوبیتەوە.

**لەدایکبون:**

لەدایکبون هۆکارێکی سەرەکیی گەشەی دانیشتوانە، بە شێوەیەك جیاوازی لە تێکڕاکانی لەدایکبوندا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، هەر وەك بەو وەچانەش دەناسرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەیخەنەوە (شوانی، 2007،لا26). زۆر جار کۆمەڵناسان و دانیشتواناسان بزاوتە دانیشتوانییەکان بە بزاوت و جوڵەی هەر بونەوەرێکی زیندوی دەچوێنن، پێیان وایە دانیشتوانیش دەجوڵێت، چ لە ڕێگەی ڕەوکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی

تر، یان لە ڕێگەی گەشەکردنی سروشتییەوە. نەوەکان یەك لە دوای یەك دێن و دەڕۆن، ئەگەر ڕەوکردن ئامرازی جوڵەی جوگرافی دانیشتوان بێت، ئەوە لەدایکبون گرنگترین ئامرازی سروشتیی زۆربونی دانیشتوانە (شوانی، 2013، 111).

بۆ زانین و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و بایەخی لەدایکبون پشت بە هاوکێشەی ڕێژەی گەشەی لەدایکبون دەبەستین، چونکە ئەم هاوکێشەیە زانیاریی ڕاست و دروستمان پێدەدات لەسەر لەدایکبوانی ساڵێك بەراورد بە هەر هەزار کەسێك، لەسەرجەم دانیشتواندا.

هاوکێشەی ڕێژەی گەشەی لەدایکبون بریتییە لە:

ڕێژەی گشتی لەدایکبون = ژمارەی لە دایکبون لە ساڵێکی دیاریکراودا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ ×1000 (ئەمین، 134،2024).

هەرچەندە دڵنیاین لەوەی کە داتاکانی لەدایکبون و مردن لە شاری کەلار، هەڵە و کەموکورتییان تێدایە، بەڵام دەکرێت پشتیان پێببەستین و سودیان لێ ببینین. ئاشکرایە هۆکاری هەبونی کەموکورتی لە داتاکانی لەدایك بون و مردندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە لە پێشوتردا ئاماژەمان پێکردون.

سەبارەت بە تێکڕاکانی لە دایکبون لە شاری کەلار، دەبینین چەندین گۆڕانکاری ڕویان داوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەلار بە چەند قۆناغێکی گەشەکردنی جیاوازدا تێپەڕیوە و چەندین ڕوداوی گرنگ ڕۆڵیان هەبوە لە زیادبون و کەم بونی ڕێژەی لە دایك بون لە کەلاردا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1). ئەگەر بڕوانین لەو خشتەیە، دەبینین ڕێژەی لە دایکبون لە نێوان ساڵی (2001_ 2024) ڕێژەیەکی بەرزە و دەگاتە زیاتر لە (42) لە هەزار، کە ئەمەش ڕێژەیەکی هەرچەندە بەرزە، بەڵام تاڕادەیەك ڕێژەیەکە نزیکە لە ڕاستییەوە. دیارە هۆکاری بەرزیی ڕێژەی لەدایکبون لە شاری کەلار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا بەشێك لەو خەڵکانەی کە دانیشتوی ناوچەکانی قەرەتەپە و جەبارە و گوڵاڵە (جەلەولا) و بەشێك لە خانەقین و چەندین ناوچەی دیکەن بۆ تۆمارکردنی منداڵەکانیان ڕو لە نەخۆشخانەکانی کەلار دەکەن. بە وردبونەوە لە خشتەکە بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵانی (2020) ڕێژەی لە دایکبون زۆر بەرزەترە بەراورد بە ڕێژەی لە دایکبون لە ساڵانی پێشوتر، کە دیارە هۆکاری ئەو زیادبونە دەگەڕێتەوە بۆ باشبونی بارودۆخی ئابوریی دانیشتوانی شارەکە و هەروەها هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕویان لە شاری کەلار کرد، ئەمەش کاریگەری بەرچاوی هەبو لە زیادبونی ڕێژەی لەدایکبون لە شاری کەلار، هەروەها بە سەرنجدان لەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵانی کۆتاییدا، واتە ساڵانی نێوان (2020_2024 ) ڕێژەی لەدایکبون لە شاری کەلار دابەزینێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دەبێنیت، بە جۆرێك ڕێژەی لە دایکبون لەو ماوەدا دەگاتە (34.459) لە هەزار. دیارە کۆمەڵێك هۆکار هەن وایان کردوە ڕێژەکە بەو جۆرە دابەزین بە خۆوە ببینێت و لە هەموشیان گرنگتر گەڕانەوەی ئەو خێزانە ئاوارانەبو کە بە هۆی پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، هەروەها لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە ساڵای (2005_2015) ڕێژەی لەدایکبون تاڕادەیەك لە یەکەوە نزیکە و لەو ماوەیەدا ڕێژەی لەدایکبون دەگاتە زیاتر لە (38) لە هەزار، کە ئەوەش تاڕادەیەك ڕێژەیەکی بەرزە بەراورد بە ساڵانی پاش (2020) دیارە هۆکارەکەشی بە هەمانشێوە دەگەڕیتەوە بۆ باشبونی دۆخی تەندروستی و باشبونی ئاستی ئابوریی دانیشتوان و گرنگیدانی خەڵکی بە تۆمارکردنی منداڵەکانیان، بەتایبەت لە لەپاش ساڵی (2003) دۆخی سیاسی و ئابوری و تەندروستیی دانیشتوانی کەلار بەراورد بە ساڵانی پێشوتر زۆر باشتر و لەبارتر بو.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئامار و داتاکانی لەدایکبون بە دروستی تۆمار نەکراون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو داتا و ئامارانە بۆ ئێمە گرنگ نەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە داتا و ئامارەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئامارەکانی لەدایکبون

لە شاری کەلاردا، تا ڕادەیەکی زۆرباش بارودۆخی سیاسی و تەندروستی و ئابوریی کۆمەڵایەتی ناوچەکە دەردەخەن، وەك لای هەمومان ڕونە کۆمەڵێك فاکتەر هەن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پرسی لە دایکبون لە شاری کەلاردا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی و سیاسییەیە کە لە کوردستاندا بە گشتی بەڕێوە دەچێت. لەوانە، هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینی، کە دیارە دانیشتوانی شاری کەلاریش هاوشێوەی هەمو دانیشتوانی کوردستان کاریگەری بیرکردنەوەی خێڵ و بنەماڵە بە سەریاندا زاڵە و تا ڕادەیەك تا ئێستاش ئەو بیرکردنەوە هەر کاریگەری ماوە بەسەر بەشێك لە خێزانەکانەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا فاکتەری ئاینیش یەکێکی دیکەیە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر دانیشتوانی شارەکە هەیە و، بەشێك لەو خێزانانەی کە وابەستەن بە دینەوە نایانەوێت ڕێگری لە منداڵبون بکەن، چونکە بە لای ئەوانەوە منداڵ یەکێکە لە بەخششەکانی خودا، هەروەك چۆن خۆی منداڵ بە خێزان دەبەخشێت، بەو جۆرەش ڕزقی دەدات.
ئەمە سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باسمان کردن و ڕونمان کردنەوە، کاریگەرییان هەیە لەسەر زیادبون و کەمبونەوەی ڕێژەی منداڵبون لە شاری لە کەلاردا، بەڵام ئێستاکە هۆکارێکی زۆر کاریگە هەیە وای کردوە ڕێژەی منداڵبون کەم بکات و قەبارەی خێزان تا دێت بچوك ببێتەوە، ئەویش ڕێگریکردنە لە خستنەوەی منداڵی زۆر، بەتایبەت لەنێوان ئەو خێزانانەدا کە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە هاوسەرگیرییان کردوە و تا دێت ئەم بیرۆکەیە فراونتر دەبێت و ئێستا بە ئاشکرا هەست بە دەرئەنجامەکانی دەکرێت، کە دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژیانی خێزانی ئێستا بەراورد بەڕابردو، هەروەها کاریگەری کلتوری خۆرئاوا بەسەر خێزانی کوردەوە.

**خشتەی ژمارە (3) ڕێژەی لەدایکبون لە شاری کەلار (2000_2024) لە هەزار**

| ساڵ | ڕێژەی لەدایك بون |
|---|---|
| 2005 | 38.118 |
| 2010 | 38.570 |
| 2015 | 38.875 |
| 2020 | 42.590 |
| 2024 | 34.459 |
| تێکڕا (2001_2024) | 42.532 |

سەرچاوە:پاشکۆی ژمارە 1

### 2. مردن:

مردن پایە و کۆڵەکەیەکی تری گەشەسەندن یان کەم بونەوەی دانیشتوانە، هەروەك چۆن زۆربونی سروشتی بەهۆی لەدایکبونەوە دروست دەبێت، کەم بونەوەی سروشتیش مردن دروستی دەکات، گرنگیی مردن تەنیا لە دیاریکردنی قەبارە و ژمارەی کۆتایی دانیشتواندا بەدەر ناکەوێت، بەڵکو لەوەی تێدەپەڕێنێت و دەستێوەردان لە پێکهاتەی دانیشتوانیشدا دەکات. بەپێی پێکهاتەی تەمەنی و ڕەگەزی، لە هەندێك کۆمەڵگەدا مردنی منداڵان باوە و ڕێژەیەکی

زۆر بەرزی هەیە، لە هەندێك کەمترە، لە هەندێکیش بەهۆی دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانەوە زۆر نزمە (شوانی، 2013، 122). مردن ئەو ژمارە ڕەهایانەن کە کەموکورتیی دانیشتوان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەم ژمارە ڕەهایانە ئاماژەگەلێکی باش نین، بەتایبەت لەکاتی بەرابەرکردنی نێوان دەوڵەت و هەرێمەکانی ناو یەك دەوڵەتدا. لیکۆڵینەوەکان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەوەیان ڕون کردۆتەوە کە مرۆڤەکان لەگەڵ مردندا یەکسان نین، ئەمەش بە پێی ڕەگەز و پیشە و پلەی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە دەبینین ڕێژەی مردن بە پێی وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکان دەگۆڕێت، هەروەها بە پێی ناوچەش، شار و گوند، پێشکەوتو دواکەوتو، یان بە پێی شاری کرێکاری بوجوازی و بەپێی گەڕەکە هەژارنشین و جەماوەریی خاوەن دەرامەتی باش... هتد دەگۆڕێت، بەم شێوەیە ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان و بارودۆخی تەندروستی و جیاوازیی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکات (لەبیب، 2016، 101).

یەکێك لە هاوکێشە دیارەکان بۆ زانینی ڕێژەی مردن، هاوکێشەی ڕێژەی گشتی مردنە، کە ژمارەی مردوان لە ماوەی ساڵێکدا بۆ هەر هەزار کەس لە دانیشتوان دەخاتەڕو. کە ئەویش:

ڕێژەی گشتی مردن= ژمارەی مردوان لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ئەو ساڵەدا × 1000 (ئەمین، 2024، 134).

دیارە ئەو داتایانەی کە ڕێژەی مردن دەخەنە ڕو، هاوشێوەی داتاکانی لەدایکبون لەشاری کەلاردا کەموکورتی زۆریان تێدایە، وەکو پێویست تۆمار نەکراون. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نەك تەنیا دانیشتوانی کەلار، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ڕۆشنبیریی دانیشوان نەگەیشتوە بەو ئاستەی کە گرنگی و بایەخ بە داتای دانیشتوان بدەن، چ لە ڕوی لە دایکبونەوە، چ لە ڕوی مردنەوە. هەروەها زۆر جار ڕوداوەکانی مردن لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕودەدەن، بۆیە بەکەمی تۆمار دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لە بەرامبەر لەدایکبونی هەر منداڵێکدا هەندیك ئیمتیازاتی ماددی دەبەخشێت بە خێزان، بەڵام لەکاتی مردندا خێزان ئەم دەستکەوتانە لەدەست دەدات، هەر بۆیە ئەمە یەکێکی دیکەیە لەو فاکتەرانەی وا دەکات بەشێك لە خێزانەکان ناوی مردوەکانیان تۆمار نەکەن.

ئەگەر ئاماژەیەك بە ڕێژەی مردن بکەین لە شاری کەلار، بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (4)، بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕێژەی مردن لەماوەی نێوان ساڵانی (2001_2024) زیاتر لە (5) لە هەزار بوە، هەروەها ڕێژەی مردن لەو ماوەیەدا بەرزبونەوە و نزمبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. بەشێوەیەك بەرزترین ڕێژەی مردن لە ساڵانی (2005_2010)دا بوە کە زیاتر لە (6) لە هەزار بوە، بێگومان نزمیی ڕێژەی مردن لە ساڵانی دوای (2015) بوە. دیارە یەکێك لە و هۆکارانەش کە وای کردوە ڕێژەکە دابەزینی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ بار دۆخە سیاسیەکەیە، کە دوای ئەو ماوەیە بەشێك لەو خێزانانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە ڕویان لە شاری کەلار کردبو بەشێکی زۆریان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەمە جگە لەوەی لاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری و پشتگوێخستن و تۆمارنەکردنی ژمارەی مردوەکان لەلایەن دانیشتوانەوە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی لە دروستکردنی جیاوازی لە تۆمارکردنی داتاکاندا هەیە. هەروەها هەستنەکردنی دانیشتوان بەوەی کە تۆمارکردنی مردوەکان گرنگی خۆی هەیە بۆ دانیشتوانی شارەکە لەلایەك و، لە لایەکی دیکەوە بۆ حکومەت و ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی بواری دانیشتوان دەدەن، بەڵام ئەگەر سەرنجێك لە ساڵانی پێش (2005) بدەین، دەبینین تارادەیەك ڕێژەکە بەرزە و دەگاتە زیاتر (5) لە هەزار کە ئەمە بەراورد بە ساڵانی (2015_2024) ڕێژەیەکی زیاترە. دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەو هۆکارانەوە هەیە کە لە پێشوتردا باسمان کردن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لە شاری کەلاردا بەرزە، دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەو دۆخەوە هەیە کە شارەکە پێیدا تێدەپەڕێت. لەو ماوەیەدا، واتا لەنێوان ساڵانی (2001_2024) خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواری عێراق و شارەکانی دیکە و گوندەکانی دەوروبەرەوە بە بەردەوام ڕویان لە شاری کەلار کردوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەیش ئەو ڕوداوە سیاسیانە بن کە لە عێراق و ناوچەکەدا ڕویان داوە، لەوانە پرۆسەی ئازادیی عێراق و هەڵگیرسانی شەڕی تائیفی و پەیدابونی داعش. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکە، دەستپێکردنی پرۆسەی دامەزراندنی دانیشتوانی گوندەکان بو، بە تایبەت لە سلکی سەربازیدا، کە بەشێکی زۆر لە گوندنشینان گوندەکانیان چۆڵ کرد و هاتن لە شاری کەلاردا نیشتەجێ بون. هەرچەندە دەکرێت ئاماژە بەوەشبکەین کە کەمردن بێ هۆکار نییە، بەڵکو چەندین هۆکاری دیکەش هەن دەبنە هۆی مردن، لەوانە (خراپیی بارودۆخی ئابوری، خراپیی خزمەتگوزاریی تەندروستی، نەخۆشی، ڕوداوەکانی هاتوچۆ، جەنگ، کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری خواردن..هتد..). بەتایبەت خراپیی دۆخی سیاسیی ناوچەکە، ئەوەش پاش هەڵگیرساندنی جەنگی داعش کە تا ئێستاش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە.

**خشتەی ژمارە (4) ڕێژەی مردن لە شاری کەلار (2000_2024) لە هەزار**

| ساڵ | ڕێژەی مردن |
|---|---|
| 2005 | 5.730 |
| 2010 | 6.8444 |
| 2015 | 4.270 |
| 2020 | 3.853 |
| 2024 | 3.569 |
| تێکڕا (2001_2024) | 5.120 |

سەرچاوە: پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە 2

**دوەم: کۆچ:-**

جوڵەی دانیشتوان یەکێکە لەو دیاردە بنچینەییانەی کە زۆرێک لە توێژەران گرنگی پێدەدەن، بەتایبەتی لە بواری توێژینەوەی دانیشتواندا. کاتێک بەراورد دەکرێت بە دیاردەکانی تر کاریگەریی لەسەر قەبارە و پێکهاتەی دانیشتوان هەیە. هەروەها کاریگەریی ئابوری و کۆمەڵایەتیی لەسەر ناوچەکان هەیە. دانیشتوان و ئەو ناوچانە بەرپەرچ دەدەنەوە کە سەرنجیان ڕادەکێشن (شوانی، 2015، لا6). یاخود دەکرێت بڵێین: مەبەست لە کۆچ گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی بەردەوامی تاکەکەس و گروپەکان و نیشتەجێبونیانە لە ژینگەیەکی نوێدا. ئامانجی کۆچکەر هەندێك جار بە مەبەستی گەشەی ئابوریی کۆچکەرە، ئەمە وێڕای دەستکەوتنی شوێنێکی نیشتەجێبونی نوێ کە جیاوازتر و باشتر بێت لە شوێنی نیشتەجێبونی پێشوتری (محمود، 2009، لا 31). دەشتوانین بڵێین: کۆچ واتە گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنی بنەڕەتییەوە بۆ جێگەیەکی تر، بە مەرجێك کەسی کۆچکردو سنورە ئیداری و نێودەوڵەتییەکان ببڕێت. کۆچ پێویستە هەر شەش مانگ جارێك لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر ئەنجام بدرێت، کۆچ هەندێك جار کۆچی تاکە کەسییە، هەندێك جاریش کۆچی بە کۆمەڵە. جاروبار کاتییە، یان هەمیشەییە، یان ناوخۆییە، یان بۆ دەرەوە، یان یاساییە، یان نایاساییە، یان نێودەوڵەتییە، یاخود هەرێمایەتییە...(لەبیب، 2016، 158). بەلای (دکتۆر محەمەد شوانی)یەوە کۆچ دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانییە لە پرۆسەیەکی جێگۆڕکێ و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی تاك، یان گروپە مرۆییەکان لە شوێنی ئاسایی و

لێڕاهاتنیان بۆ شوێنێکی تری ناو وڵاتەکەیان، یان دەرەوەی سنوری سیاسیی وڵات، ئەم پرۆسەی جێگۆڕکێیەش بە حەزو ئارەزوی خۆیان، یان لەژێر فشار و هەڕەشەدا بەناچاری، یان زۆرە ملێ بۆ کاتێکی دیاریکراو، یان هەتاهەتایی ڕودەدات (شوانی، 2013، 231).

ئەگەر سەرنج لە پرسی کۆچ لە شاری کەلار بدەین، دەبینین کە بەدرێژایی مێژوی دروستبونی ئەم شارە، کۆچی زۆرەملێ هۆکارێکی سەرەکی بوە لە گەورەبون و فراوانبونی شاردا، بەتایبەت کە دەبینین دەسەڵاتی عێراق لە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی 1975 و نسکۆی شۆڕشی کورد لە ئازاری هەمان ساڵدا دەستیکرد بە چەندین ڕێوشوێنی زۆر دژوار بەرانبەر بە گەلی کورد بەگشتی و دانیشتوانی گەرمیان بە تایبەتی. ئەوەش لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری ئیداری بۆ دەستبەسەرداگرتن و بەزۆر ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی سنوری ناوەندی قەزای خانەقین و ناحیەکانی قۆرەتو و مەیدان و جەلەولا...هتد. بێگومان ئەم هەوڵانە بۆ سڕینەوەی مۆرکی کوردێتیی ناوچەکە بو.

هەر لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی بەعس دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی هەزارەها پەیوەستی کشتوکاڵی دانیشتوانە کوردە ڕەسەنەکەی و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی سەدەها هەزار دۆنم موڵکی پەتیی خاوەن موڵکە کوردەکان و، گۆڕینیان بۆ زەوی حکومی، ئەویش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە ژمارە (489) لە 1981/4/21. لە ئەنجامدا هەمو ئەو زەویانە کرانە پەیوەست و لە تۆمارگە فەرمییەکانی دەسەڵاتی عێراقدا کرانە ناوی عەرەبی هاوردەوە، کە بریتی بون لە هەزارەها خێزان لە چوارچێوەی 31 هۆزی عەرەبیدا و نیشتەجێی ئەو گوندانە کران کە دانیشتوانەکانی بەزۆر ڕاگوێزرابون. لە بەرانبەردا هەمو دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی (قۆرەتو )کە ژمارەیان (70) گوند بو، هەروەها هەمو دانیشتوانی گوندەکانی (مەیدان و بەمۆ) کە ژمارەیان (57) گوند بو، ڕاگواستران و زۆربەی هەرە زۆریان ڕویان کردە شاری کەلار و تێیدا نیشتەجێبون. هەر لە هەمان ساڵدا دانیشتوانی (10) گوندی سنوری ناوچەی (شێخ باوە)ی سەر بە ناحیەی جەلەولا بەزۆر بارکران و بەرە و پارێزگای ئەنبار (ڕومادی) ڕاپێچ کران، بەڵام دەیەها لەو خێزانانە بەدزییەوە خۆیان گەیاندە ناوەندی قەزای کەلار و لەوێدا نیشتەجێ بون.

هەر لە چوارچێوەی هەمان شاڵاوی بەزۆر ڕاگواستن و تەعریب، کە دەسەڵاتی عێراقی بە پلان کاری لەسەر دەکرد، لە ساڵی 1987 سەرجەم گوندەکانی ناوچەی (زەنگابات: زەنگاوات)ی سەربە ناحیەی کۆکس و گوندە کوردنشینەکانی ناحیەی (جەبارە، قەرەتەپە)ی بەزۆر ڕاگواست و عەرەبی هاوردەی خستە شوێنیان و دانیشتوانە کوردەکەی بەزۆر نیشتەجیی کۆمەڵگەی زۆرەملێی سمود (ڕزگاری)ی کردن. بێگومان زۆرێك لەو خێزانانە بە دوای بژێویدا پەنایان بۆ ناوەندی قەزای کەلار برد، هەروەها بە زۆر ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی سەر بە ناحێی (تیلەکۆ) و ناوەندی قەزای کەلار بۆ کۆمەڵگەی زۆرە ملێی سمود (ڕزگاری)ی، و پەنابردنی زۆر لەو خێزانانە بۆ ناوەندی کەلار. هەروەها ئەنجامدانی قۆناغی سێیەمی تاوانی ئەنفال لە 1988/4/20 کە بە دڕندەترین قۆناغ هەژمار کراوە و لە چوارچێوەی نزیکەی 515 گوند ئەنجام درا. بێگومان ئەو خێزانانەی کە لەو پرۆسەیەدا قوتار بون. پەنایان بردۆتە ناوەندی قەزای کەلار، ئەم هەمو پرۆسانەی بەزۆر ڕاگواستن و ئەنفال و ڕوخاندنی گوندەکانی گەرمیان هۆکارێکی سەرەکی بون بۆ زیادبونێکی خێرا و ناسروشتیی شاری کەلار (حەمید، 2024، 158).

دواتر بە هۆی بارودۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و ئازادبونی بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان لەژێر داگیرکاریی ڕژێمی پێشوی عێراقدا، شاری کەلار لە ( 9 ی ئازاری 1991) ئازاد کراو کەوتە ژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە. هەرچەندە لەو کاتەدا بەهۆی بارودۆخی نەخوازراوی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو بەسەر هەرێمی کوردستاندا، ناوچەی توێژینەوەیش وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان، ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبوە و، گوزەران و ژیان لە شارەکەدا لەبەر نەبونی چالاکیی بازرگانی و

ئابوری وەستابو. بۆیە لەو سەردەمەدا تێبینی ئەوە دەکرێت زۆرێك لە خێزانەکان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانیان، واتە کۆچی پێچەوانە لە شارەوە بۆ گوندەکان ڕوی داوە.
هەروەها قۆناغێکی دیکەی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبونی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیداریی شاری کەلار دەگەڕێتەوە بۆ پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە ( 9 ی نیسانی 2003). ئەوەش بەهۆی گەڕاندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا ئاوارەی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ببون، تاوەکو ساڵی 2005 ژمارەیان بەشێوەیەکی دروست گەیشتە (17328) کەس (عزیز، 2023، 61). ئەمە جگە لەوەی کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ململانێی تائیفی لە عێراقدا سەری هەڵدا و، بوە هۆی ئاوارەبونی ژمارەیەکی زۆر خێزانی عەرەب کە ناچار بون بۆ ڕزگارکردنی سەروماڵیان ڕو لە هەرێمی کوردستان بکەن. بەشێکی زۆر لەو خێزانانە ئاوارەی شاری کەلاربون. بەشێك لەو خێزانانە تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.
سەرهەڵدانی جەنگی داعش بەتایبەت لە پاش ساڵی 2014 کە بەشێکی زۆری خاکی عێراقیان داگیرکرد یەکێك بو لەو هۆکارانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەی کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە، ئاوارە ببن و بەهۆی نزیکی و هاوسنوریی شاری کەلار لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، هەروەها بەرقەراربونی ئەمنێت و ئاسایش لە شاری کەلار، بەشێکی زۆر لەو خێزانانە بەناچاری ڕویان لە شاری کەلار کرد. بە جۆرێك بەگوێرەی ئەو ئامار و داتایانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی گەرمیان بڵاویان کردۆتەوە، لە نێوان ساڵانی (2014_2024) زیاتر لە (20) هەزار خێزان لە شارەکانی کەرکوك و دوزخورماتوی سەر بە پارێزگای دیالە، ئاوارە بون و ڕویان لەشاری کەلار کرد. بە جۆرێك زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانانە لە پاش ساڵی 2015 و بەتایبەت لە نێوان ساڵانی 2016 بۆ 2018 ئاوارە بون و دواتر دوای ئەو بەرواره واتە دوای ساڵی 2018 تا دەهات ژمارەیان بەرە و کەمبونەوە دەچو. ئەوەش بەهۆی کۆتایهاتنی ڕێکخراوی داعش و نەمانی دەسەڵاتیان لەو ناوچانەی کە لە پێشوتردا کەوتبوە ژێر دەسەڵاتیان. ئەمەش وای کرد بەشێکی زۆر لەو خێزانانە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. (کۆچ و کۆچبەرانی گەرمیان، 2025)
لێرەوە دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە ئەوەی وای کردوە کەلار لە گوندێکی دورە دەست و پەراوێزەوە ببێت بە شارێکی گەشەکردو، بە جۆرێك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو فراوانبونی زیاتر بچێت، کاریگەریی ئەو ڕوداوە سیاسییانەیە کە هەر لە سەرەتاوە چی لە پرسی ڕاگواستن و دواتریش ئەنفال و پاشان ڕاپەڕینی گەلی کورد لەساڵی 1991 و دواتریش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی 2003 و دوای ئەوەش سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، بەتایبەت پاش ساڵی 2014، کاریگەریی گەورەیان هەبوە لەسەر کۆچی دانیشتوان لە گوندەکانی دەوروبەر و هەروەها شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقەوە بۆ شاری کەلار. هەرچەندە ناکرێت لە پاڵ هۆکارە سیاسییەکاندا، هۆکارە ئابوری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکانیش نادیدە بگیرێن، بەڵام دروستبونی کەلار بۆ خۆی هەر لە بنەڕەتدا بە هۆکارێکی سیاسی بوە و دڵنیاین کە لە داهاتوشدا هەر ڕوداوێکی سیاسیی نەخوازراو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق ڕوبدات، دیسانەوە کاریگەرییان لەسەر کۆچی دانیشتوان دەبێت بۆ شاری کەلار.

**دەرئەنجام:**

1. دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970 _ 2024) گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتوە، بە شێوەیەك لەو ماوەیەدا شارەکە بە ئاراستەی گەشەکردنێکی خێرا هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم گەشەکردنە بەیەك ئاراستە نەبوە، بەڵکو لەو ماوەیەدا بەرزبونەوە و نزمبونەوەی بە خۆوە بینیوە. بە جۆرێك بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی نێوان ساڵانی ( 1977 _ 1987) بوە، کە ڕێژەی گەشەکردن زیاتر لە (23%) بوە. هەروەها نزمترین ڕێژەی گەشەکردنیش لەماوەی نێوان ساڵانی( 1987 _ 1997) بوە کە گەیشتۆتە ( 0،87%).

ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بەدی دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بە ئاراستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە.

2. گەشەی دانیشتوان بەتایبەت لەدایکبون بە درێژایی تێپەڕبونی قۆناغەکان کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی شارەکە. تێکڕای لەدایکبون لە (2005_2024) (80،71 ) بوە لە هەزار.
3. تێکڕای مردن لە (2005_2024) (10،18 ) بوە لە هەزار.
4. ناوچەی توێژینەوەکە ڕوبەڕوی چەندین ڕوداوی جیاواز بوەتەوە، بەتایبەتی کۆچی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شار بۆ سەنتەری شاری کەلار، کە ئەمە وای کردوە بەردەوام شارەکە لەگەشەکردنی بەردەوامدا بێت.

**ڕاسپاردە:**

1. زۆر گرنگە بایەخی تەواو بە تۆمارکردنی داتاکانی لەدایکبون و مردن و بەتایبەت کۆچ بدرێت، چونکە دەزانین بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە توێژینەوەکەدا دەستنیشن کراوە بەردەوام کۆچ ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری لەسەر زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی شارەکە هەبوە، بەڵام بەداخەوە بەتایبەتی داتاکانی کۆچ وەك پێویست تۆمار نەکراون.
2. زۆر گرنگە بەرپرسانی شاری کەلار و بەتایبەت بەرپرسانی تەندروستیی شارەکە گرنگی بە تۆمارکردنی داتاکانی لەدایکبون و مردن بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش هانی خەڵکی بدەن، ئەمە جگە لەوەی پێویست دەکات لە نەخۆشخانەکانی شارەکەدا تەنها داتای ئەو کەسانە تۆمار بکرێت کە دانیشتوی شارەکەن.
3. پێویستە پلانی پێشوەختە هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی کە لە ناوچەکەدا ڕودەدەن و دەبنە هۆی کۆچی دانیشتوان بۆ سەنتەری شاری کەلار. ئەوەش لە ڕێگەی دروستکردنی کەمپی تایبەت بەو خێزانانەی کە ئاوارەی شارەکە دەبن، کە ئەوە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لەناکاو بەسەر پلاندانانی شاردا نەیەت.

پاشکۆی خشتەکان:

خشتەی ژمارە(1)

ڕێژەی لەدایك بون لە شاری کەلار دا (2001_ 2024) لە هەزار

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی یەك ساڵدا | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ | ژمارەی لەدایکبوان | ڕێژەی لەدایکبوان |
|---|---|---|---|---|
| 2000 | 96026 | | | |
| 2001 | 98427 | 97226.5 | 5076 | 52.207 |
| 2002 | 100888 | 99657.5 | 3730 | 37.428 |
| 2003 | 103410 | 102149 | 3546 | 34.713 |
| 2004 | 105995 | 104702.5 | 4156 | 39.693 |
| 2005 | 108645 | 160317.5 | 4257 | 26.553 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36.444 | 4009 | 110003 | 111361 | 2006 |
| 45.657 | 5148 | 112753 | 114145 | 2007 |
| 33.459 | 3867 | 115572 | 116999 | 2008 |
| 37.505 | 4443 | 118461.5 | 119924 | 2009 |
| 39.786 | 4831 | 121423 | 122922 | 2010 |
| 44.938 | 5593 | 124458.5 | 125995 | 2011 |
| 45.998 | 5868 | 127570 | 129145 | 2012 |
| 49.969 | 6534 | 130759.5 | 132374 | 2013 |
| 53.473 | 7167 | 134028.5 | 135683 | 2014 |
| 49.629 | 6818 | 137379 | 139075 | 2015 |
| 42.964 | 6050 | 140813.5 | 142552 | 2016 |
| 46.461 | 6706 | 144334 | 146116 | 2017 |
| 42.029 | 6218 | 147942.5 | 149769 | 2018 |
| 47.460 | 7197 | 151641 | 153513 | 2019 |
| 34.040 | 5291 | 155432 | 157351 | 2020 |
| 34.672 | 5524 | 159318 | 161285 | 2021 |
| 37.078 | 6055 | 163301 | 165317 | 2022 |
| 33.139 | 5547 | 167383.5 | 169450 | 2023 |
| 32.949 | 5653 | 171568 | 173686 | 2024 |

**سەرچاوە:**

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی گەرمیان، نوسینگەی لەدایکبون و مردن،

2.وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاماری سلێمانی، داتاتی بڵاو نەکراوە،2024.

ژمارەی دانیشتوان لە نێوەی ساڵدا دەرهێنراوە بە کۆکردنەوەی، ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك لەگەڵ ساڵێك پیش خۆی پاشان دابەشی دو کراوە.

ڕێژەی لەدایکبوان دەرهێنراوە پشت بەست بە هاوکێشەی: ڕێژەی گشتی لەدایکبون

ڕێژەی گشتی لەدایکبون= ژمارەی لە دایکبون لە ساڵێکی دیاریکراودا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ ×1000 (ئەمین، 2024،لا134).

خشتەی ژمارە (2)

ڕێژەی مردن لە شاری کەلار دا (2001_ 2024) لە هەزار

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی یەك ساڵدا | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ | ژمارەی مردوان | ڕێژەی مردوان |
|---|---|---|---|---|
| 2000 | 96026 | | | |
| 2001 | 98427 | 97226.5 | 434 | 4.463 |
| 2002 | 100888 | 99657.5 | 518 | 5.197 |
| 2003 | 103410 | 102149 | 439 | 4.297 |
| 2004 | 105995 | 104702.5 | 693 | 6.618 |
| 2005 | 108645 | 160317.5 | 1295 | 8.077 |
| 2006 | 111361 | 110003 | 1368 | 12.436 |
| 2007 | 114145 | 112753 | 314 | 2.784 |
| 2008 | 116999 | 115572 | 1075 | 9.301 |
| 2009 | 119924 | 118461.5 | 530 | 4.474 |
| 2010 | 122922 | 121423 | 635 | 5.229 |
| 2011 | 125995 | 124458.5 | 710 | 5.704 |
| 2012 | 129145 | 127570 | 409 | 3.206 |
| 2013 | 132374 | 130759.5 | 365 | 2.791 |
| 2014 | 135683 | 134028.5 | 677 | 5.051 |
| 2015 | 139075 | 137379 | 632 | 4.600 |
| 2016 | 142552 | 140813.5 | 537 | 3.813 |
| 2017 | 146116 | 144334 | 514 | 3.561 |
| 2018 | 149769 | 147942.5 | 547 | 3.697 |
| 2019 | 153513 | 151641 | 558 | 3.679 |
| 2020 | 157351 | 155432 | 702 | 4.516 |
| 2021 | 161285 | 159318 | 847 | 5.316 |
| 2022 | 165317 | 163301 | 554 | 3.392 |
| 2023 | 169450 | 167383.5 | 435 | 2.598 |
| 2024 | 173686 | 171568 | 510 | 2.972 |

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی گەرمیان، نوسینگەی لەدایکبون و مردن،2025.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.2024

ژمارەی دانیشتوان لە نێوەی ساڵدا دەرهێنراوە بە کۆکردنەوەی، ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك لەگەڵ ساڵێك پێش خۆی پاشان دابەشی دو کراوە.

پشت بەست بە هاوکێشەی: ڕێژەی گشتی مردن=ژمارەی مردوان لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا × 1000(ئەمین، 2024،لا134).

**سەرچاوەکان:**


تالیب، جەزا تۆفیق 2011، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

محەمەد عەلی، دەرباز محەمەد (2010)، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

شاکەلی، میقداد (2016)، شاری کەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

حەمید، ڕزگار حاجی 2019، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندو، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

شاکەلی، محەمەد 2006 لە لادیوە بۆ شار لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، چاپی یەکەم.

شوانی، د.محەمەد،2013، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان گۆشەنیگای مرۆڤناسی بۆ دیاریدە دانیشتوانیەکان،چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاویر، هەولێر.

ئەمین، دکتۆر هێمن نەسرەدین محەمەد، 2024، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

لەبیب، د.علی، و(سەعید بەشیر خەرپانەیی)، 2016، جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر، بەبێ ناوی چاپخانە و شوێن، چاپی سێیەم.

باجەڵان، سوارە حەسەن، 2011، مێژوی کەلار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

جاف، سەباح عەلی، 2024، کەلار(1927، 1975) لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی، کارگێڕی و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی شار.

ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:

محەمەدعەلی، جاسم محەمەد، 2008، ڕۆڵی هۆکارەسیاسییەکان لە دابەشبونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

ڕەسوڵ، ژیار خدر، (2016)، کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر فراوانبونی ڕوبەری شاری هەولێر بەگەڕەکە نمونەیەکان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

محمد، صالح انور,(2011)ئاراستەی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین، نامەی ماستەر،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین.

كريم، محمد مهدى، 2016، دابەشبونی شوێنی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر، زانكۆی گەرمیان، بڵاونەکراوە.
محمد، صالح انور،(2011)ئاراستەی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین، نامەی ماستەر،كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانكۆی ڕاپەڕین.
احمد، بنار عبدالوهاب،2016، هەڕەمەکی نیشتەجێبون لە شاری کەلار، (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار) نامەی ماستەر، زانكۆی گەرمیان،
شوانی، هیوا ئەمین جەلال، 2007، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
گۆڤار و بڵاوكراوەكان:
صالح، ڕێبوارمحمد، 2022، ڕەهەندە یاسایەکانی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری جیهانی كتێب، ژمارە(3) كتێبخانە گشتییەكانی گەرمیان.
ئیسماعیل، سلێمان عەبدوڵڵا،،1999 ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(12)، هەولێر.
گەردی، ساكار محمد حسن، فاطمە قادر مصطفى،(2016)، ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستاندا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردستان، ژمارە(7) خولی یەكەم بەشی B، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
سالح، عەدالەت عومەر، (2015)، جینۆساید و ئەنفال ئەرشیفی نەتەوەیی و گرنگی دیتابەیس، كۆنفرانسی جسنۆساید و ئەنفال، گەرمیان، کەلار.
عەبدوڵڵا، نەشوان شوكری و عەزیز، ئەمیر قادر،(2022)، تایبەتمەندییەكانی گەشە و هەژمونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر(1957_2020)، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (51)،(2722ك، 2022ز)، هەولێر.
بڵاوكراوە حكومیەكان
سەرچاوەی دانیشتوانی کەلار، قەزای کەلار، پارێزگای سلێمانی، 1977، 1987، 1997، سەرژمێری گشتی عێراق.
سەرچاوەی دانیشتوانی کەلار، قەزای کەلار، پارێزگای سلێمانی، 2002، 2010 گەماروسازی عێراق (2010).
وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان،بەشی لەدایكبون و مردن، 2025
وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی كۆچ و كۆچبەرانی گەرمیان، 2025.
ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەكانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، 2018. 3 )
شارەوانی کەلار، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.
بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی
چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا (مستەفا سەعید)، نوسەر و وەرگێڕ، لە بەرواری 15_12_2024
چاوپێكەوتن لەگەل ( دكتۆر ئەحەمەد باوەڕ) نوسەر و مامۆستای بەشی مێژو لە زانكۆی گەرمیان، 2025 /1/21
الهيتى، صبرى فارس(2010)، جغرافيه المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان_اردن.
المنيس، وليد عبدالله(1985) التخطيط الحضري والاقليمي، ذات السلاسل للطباعة والنشر، الكويت.
الموسوی، هاشم عبود و حيدر صلاح يعقوب(2006)، التخطيط والتصميم الجغرافي(دراسة نظرية تطبيقية حول المشكل الحضرية)، دار مكتب الحامد للنشر والتوزيع، عمان.
الحديثى، طه حمادي،( 1988)، جغرافية السكان، دارالكتب للطابعة و النشر، جامعة الموصل،

الشلش، على حسين، 1958، جغرافية التربة، الطبعة الثانية، مطبعة جامعة البصرة، البصرة.
عبدالكريم، 2011، النظريات الاقتصادية الموثرة في النشاط الاقتصادي الاسلامي، دار النفائس للنشر والتوزيع.
رسالة ماجستير و دكتوراه:
ابو قرع، دعاء ربحي، 2018، التحولات الحضرية في التجمعات السكانية لجبال الفلسطين الوسطى: نعلين و عين يبرود كدراسة مقارنة، رسالة ماجستير، كلية اداب / الجامعة بيرزەيت/فلسطين،
شوانى، هيوا امين جلال، 2015، الهجرة واثرها على مورفولوجية مدينة أربيل، دراسة في جغرافية السكان، أطروحة دكتورا، جامعة صلاحالدين، أربيل.
صلاح، عبدالفتاح، 2022، عناصر النشاط الاقتصادي فى الاقتصاد الاسلامى، أطروحة دكتوراه، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة كربلاء، العراق.